KCCRC

Islamic Studies

# ڕەوتی شیرازی؛ سەلەفییەت لە بەرگی شیعەی ئیمامی



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# ڕەوتی شیرازی؛ سەلەفییەت لە بەرگی شیعەی ئیمامی

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ١١٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار
@KCCRC1

ئابی ٢٠٢٠

# ڕەوتی شیرازی؛ سەلەفییەت لە بەرگی شیعەی ئیمامی

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

### پێشەکی

لەنێو مەزهەبەکانی ئیسلامەتیدا، هەر تەنیا پۆلێن ئەوە نییە دینەکە بۆ چەند مەزهەبێک پۆلێن بکرێت. بەڵکو لە خودی یەک مەزهەبیش جاری وایە چەندان ئاراستەی جیاجیا دەردەکەون، بە ئەندازەی سنووری نێوان دوو مەزهەب لێک جیاوازن. بەڵام دواجار ڕواڵەتی دەرکەوتن، لە ژێر چەتری یەک مەزهەب کۆیان دەکاتەوە.

لە سەرەتای دەرکەوتنی دینی ئیسلامدا، جیاوازییەکان لە دوای قۆناغی پێغەمبەرایەتیدا زوو دەرکەوتن، ئەم جیاوازیانەش بەشێکیان سەریان لە ناکۆکیدا دەرچوو، دوا جاریش هەریەکەیان وەک مەزهەبی سەربەخۆ دەرکەوتن.

لەگەڵ ئەوەی دیاریکردنی سەرەتای هەر مەزهەبێک ئاسان نییە، چونکە لەوانەیە ڕیشەی سەرەتاییان لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە هەبووبێت، یاخود دروستتر ئەوەیە جگە لە قورئان، سەرچاوەکانی تری دنیای ئیسلامی بۆ مێژوویەکی زۆر درەنگتری دوای قورئان بگەڕێنەوە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەوەی وەک ئەمری واقیع لە دنیای ئیسلامەتیدا هەیە، دوو مەزهەبی گەورە و سەرەکی ئیسلامەتیان لێ پێکهاتووە. ئەویش سوننە و شیعەن. ئەگەرچی هەریەکە لەم مەزهەبانە بۆ چەندان قوتابخانەی عەقائیدی و فیقهی دابەشبوون. هەریەکەشیان خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەناو مەزهەب و مەزهەبەکانی دەرەوەی خۆی هەیە. لەناو مەزهەبی شیعیدا، مەزهەبی ئیمامی یاخود دوازدەیی، زۆرینەن بە بەراورد لەگەڵ ئیسماعیلی و لقەکانی و مەزهەبی زەیدی. بۆیە لەم باسە هەر جارێ وشەی شیعە هاتبێت، مەبەست لەم مەزهەبەیە.

### ڕێبەراتیی مەزهەب

سەرەتای ئەم مەزهەبە بۆ پرسی ئیمامەت دەگەڕێتەوە، کە لە ئیمامی عەلی دەست پێ دەکات و بە محەمەدی مەهدی کوڕی حەسەنی عەسکەری کۆتا دێت، هەر بەم بیروباوەڕە، دوا ئیمام بە فەرمانی خوا چووەتە دۆخی غەیب، لە هەر ئان و سائێک کەوا زەمینەساز بێت دەردەکەوێت. بەڵام لە ماوەی نەبوونی ئیمام و تا ئێستا لەسەر پرسی ڕێبەرێتی ئەم مەزهەبە ناکۆکی هەیە. هەر لە سەرەتادا، زۆرینەی ئەم مەزهەبە لەسەر ئەو ڕایەبوون کەوا ئیمامی مەهدی لە غەیبی بچووکیدا، لە ڕێگەی چوار نێردەیەوە پەیوەندیی بە هاومەزهەبەکانی دەکرد(١). بەڵام بەرەیەک لە سەرەتادا ئەمەیان ڕەتکردەوە و باوەڕیان وابوو پەیوەندیی ئیمام پچڕاوە و چاوەڕێی هاتنی دەکەن(٢). ئەم بەرەیە بە نوسەیری ناسراون، دەشێ ئەم باسە لە داهاتوودا بکەینە پرسی باسێکی ترمان.

بەڵام ئەوەی دوای ونبوونی ئیمام لە غەیبی گەورەدا، ئەو بەرەی باوەڕیان بە چوار نێردەکە هەبوو. لەسەر ئەوەی پایەی دینی و سیاسی لە دەست کێیە؟ ناکۆکی تێکەوت، ئەمیش پتر دەکەوتە بن ڕای ئەو زانایەی کەوا پێشەوایەتی حەوزەی عیلمی دەکرد. مەبەستیش لە حەوزەی عیلمی: بریتییە لە دامەزراوەیەکی زانستی و مرۆیی ئامادەساز بۆ ئیجتهاد لە زانستەکانی شەریعەتی ئیسلامی و هەڵگرتنی ئەرکی گەیاندنی دین بەپێی بنەماکانی مەزهەبی شیعی. هەرچەند ئەم جۆرە خوێندن و ئیجتهادە ڕابردووی دووری هەیە بەڵام ناونانی ئەم دامەزراوە بە حەوزە مێژووەکەی هێندە کۆن نییە و بۆ سەدەی بیست دەگەڕێتەوە(٣). ئیتر بە پێی ئەم جۆرەی خوێندن، تاڵبی عیلم دەبێ چەندان قۆناغ ببڕێ تا دەگاتە پلە باڵاکانی دین لەو مەزهەبە.

**ئەخباری و ئوسوولی**

لەنێو زانایانی ئەو مەزهەبە بە شێوەیەکی بەرچاو دوو ڕەوت بە زەقی دەردەکەوێت. ڕەنگە زۆر جاریش بەریەک بکەون. ئەوانیش ئوسوولییەکان و ئەخبارییەکانن. ئوسوولی: مەبەست لەو ڕەوتەیە کەوا لە لێکدانەوەی پرسە دینییەکان بە ئەندازەیەکی زۆرتر لە ئەخبارییەکان پشت بە بەڵگەی عەقڵی دەبەستن، مەبەستیش لە بەڵگەی عەقڵی بریتییە لەو ئەندازەی عەقڵ دەیگاتێ لە حوکمدانی شەرعی، بە حوکمی عەقڵی لە زانستدا بەرەو حوکمی شەرعی دەچێت(٤). ئەمە مانای ڕەهاکردنی عەقڵ نییە بە ئەندازەیەک

> **دوای سەرکەوتنی شۆڕش و یەکلابوونەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندی خومەینی، خەونە گەورەکەی شیرازی ڕووی لە پووکانەوە کرد و هەر ئیمام جومعەی بۆ مایەوە.**

دەقەکان تورهەڵدات، لە هەموو بوارێکدا، بەڵکو بواری عەقڵ تایبەتە و کەسانی تایبەتمەند لە لێکدانی هەردوو مەسەلەی عەقڵ و نەقڵ لێی دەزانن(٥). بەڵام سنووری وەرگرتنی بەڵگەی نەقڵی بەپێی ئەم ڕەوتە، تۆزێ بەرتەنگترە، چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە قورئان دەبەستن وەک تاکە سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوەی زادەی خودا. بەڵام سوننەت مەبەست لە حەدیسە، ئەوانەی یەکلاکەرەوەن و بە متەواتر ناسراون (واتە کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر.. ئاوا گێڕابیانەوە کەوا مەحاڵ بێت ئەو هەموو خەڵکە لەسەر ناڕاستییەک ڕێککەوتبن) یاخود ئەو حەدیسانەی قورئان یا ئەمری واقعی ڕاستی و دروستیان دەسەلمێنێت(٦). بەمەش بوارێکی بەرفراوانتر بۆ عەقڵ دەڕەخسێنرێت، زۆرینەی موجتەهیدانی ئەم ئاراستەیە بە شێوەیەکی گشتی بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەم هەموو دەقە زۆرە، پشت بە زانستی ئوسوولی فیقهـ دەبەستن، ناودارانی ئەم ئاراستەیە: لە کۆندا: شێخ موفید، سەید مورتەزا، شێخ تووسی و موحەقیقی ئەردەبیلی، لە هاوچەرخەکانیش: عەلی خامەنەیی، محەمەد حسێن فەزلوڵڵا، جەوادی تەبریزی، فەرقەد قەزوینی و محەمەد باقر سەدر..

لە بەرامبەر ئەم ڕەوتەدا، ئاراستەیەکی تر هەیە کەوا بە ئەخباری ناسراوە ئەم ئاراستەیە لە هەڵێنجانی حوکم تەنیا پشت بە قورئان و ئەو دەقانە دەبەستن لە محەمەد پێغەمبەر و ئەهلی بەیت ڕیوایەتکراون، پشت بە ئیجتهاد نابەستن، بۆیەش بە ئەخباری ناسراون چونکە لە ئەحکامی شەرعی تەنیا پشت بەو دەنگوباس و گێڕانەوانە دەبەستن لە ئەهلی بەیتەوە وەرگیراوە، ئەڵبەت نە ڕۆڵێک دەدەنە ئیجماع، نە عەقڵ. هەرچی ئەو حەدیسانەشی لە چوار کتێبە متمانەکراوەکانی شیعە هەیە، ئەوا بێگومان زادەی ئیمام و مەعسوومەکانی خانەوادەی پێغەمبەرن، هەموویشی ڕاست و دروستن، ئیتر پێویست بە زانستی تر ناکات بۆ هەڵێنجانی حوکمی دین(٧). مەبەستیش لە چوار کتێبەکە ئەمانەن:

١- الکافي: لە گرنگترین سەرچاوەکانە دانەرەکەی محەمەد کوڕی یەعقووب کولەینییە.

٢- من لا یحضره الفقیه: دانەرەکەی شێخ ئەبو جەعفەر محەمەد کوڕی عەلی کوڕی بابەویهە قومی کە ناسراوە بە شێخ سەدووق.

٣- تهذیب الأحکام: دانەرەکەی ئەبو جەعفەر محەمەد کوڕی حەسەن تووسی بە شێخی تایەفە ناسراوە.

٤- الاستبصار، هەمان نووسەرە.

جا هەریەکە لەم سەرچاوانە چەندان لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی کۆن و نوێیان هەن.

ئەوانەی لەو سەردەمە لەژێر ئەم ئاراستەیە پۆلێن دەکرێن: لە کۆندا: شێخی سەدوق، حوری عاملی و ئەمین ئەسترئابادی، لە هاوچەرخانیش: حەسەن ئەڵڵایاری خاوەنی کەناڵی کەوسەری ئاسمانی، عەبدولحەلیم غزی، سادات و مەرجەعییەتی شیرازی و یاسر حەبیب.

### بنەماڵەی شیرازی

بنەماڵەیەکی عێراقی و نازناوێکی ئێرانی. ئەو بنەماڵەیە لە کەربەلا نیشتەجێن، بەڵام بە هۆی هاتوچۆیان بە مەبەستی خوێندن و چوونە لای زانایانی باڵای

> **یاسر حەبیب لە لەندەن، ئاراستەیەکی توندڕەو و توندوتیژی دروستکرد بەرامبەر هەموو ئەو ڕەمزانەی سوننەمەزهەب و تەنانەت ئەو شیعانەشی بەرامبەری ناکۆکن**

مەزهەبیان تاک تاک جێ گۆڕکێ بوونە لەوانیش سەید محەمەد حەسەن شیرازی، کە ناسراوە بە میرزای یەکەم و موجەدید. لەگەڵ ئەوەی لە (١٨١٢) لە شیراز لەدایکبووە، بەڵام چەندان شاری کردووە بۆ دەستکەوتنی زانستی شەرعی، دواجار لە دوای وەفاتی مەرجەعی ئەنساری مامۆستای بە کۆی دەنگ دەبێتە مەرجەع(٨) لە شاری نەجەف. لەوێوە وردە وردە ئەم ئاراستەیە ڕووەو گەشەکردن دەچێت.
هەرچەند ئەو بنەماڵەیە بانگەشەی سەیدانی دەکەن و مێزەری ڕەش لەسەریان دەکەن، وەک ئاماژەیەک بەوەی ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام، بەڵام بەردەوام ڕەچەڵەکیان دەکەوێتە بەر نەشتەری نەیارانیان، بەوەی هیچ ڕشتەیەکی ڕاست و درووستیان نییە ڕاستی ئەم ڕەچەڵەکەیان بسەلمێنێت(٩)، بەڵکو لە سەرچاوەکانیان ئاماژە بەوە دەکەن لە نەوەی زەیدی کوڕی ئیمام زەینلعابدینی کوڕی ئیمام حسێنن.
هەر چۆنێک بێت میرزای شیرازی بە مێزەری ڕەشی ئەهلی بەیت دەرکەوت و لە کارە هەرە ناسراوەکانی کردنەوەی حەوزەی سامەڕا و شۆڕشی توتنە. هەرچی حەوزەی سامەڕایە لە (١٨٧٣) لە شاری سامەڕا دایمەزراند وەک بزاوتێکی زانستی شەرعی، چەندان قوتابخانەی گرتبووە خۆ، نزیکی بیست ساڵێک زۆر بەرفراوان بوو، تا ئەوەی ترسی گۆڕینی دیمۆگرافیا کەوتە سەر ئەم شارە بۆ شارێکی تەواو شیعی(١٠). بەڵام بارەگای مەرجەعییەت لە نەجەف بوو، بۆیە ئەم قوتابخانانە پووکانەوە بە تایبەت دوای مەرگی شیرازی.

### شۆڕشی توتن

دەرکەوتنێکی تری بەرچاوی شیرازی و سەرکردایەتییە شیعییەکەی، بریتی بوو لە حەرامکردنی کێشانی تووتن. پوختەی ئەم ڕووداوە؛ کاتێک کۆمپانیای ڕەجی بەریتانی دەستیگرت بەسەر تووتنی ئێرانی، لە کاردانەوە بەرامبەر ئەمەدا خۆپیشاندان و دژایەتی چوار شاری ئێرانی گرتەوە، زانایانی دینی لە پێشەوەی سەرکردایەتیکردنی ئەم کاردانەوەیە بوون شێخ فەزلوڵڵا نووری لە تاران و ئاغا نەجەفی ئەسفەهانی لە ئەسفەهان، سەید عەلی ئەکبەر فال ئەسیری لە شیراز، میرزا جەواد موجتەهیدی تەبریزی لە تەبریز، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ڕێبەری شیعە لە سەردەمی شا ناسرەدینی قاجاری فەتوای حەرامیی تووتن بدات، بەمەش شا ناچار بوو لەم ڕێککەوتنە بکشێتەوە و هەڵیوەشێنێتەوە(١١)، دەقی فتوای شیرازی دەڵێ: «بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەکارهێنانی

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

توونـن و تنباک بـە هـەر شـێوەیەک بێـت، حوکمەکـەی دژایەتیکردنـی ساحێب عەسر و زەمانە»(١٢) مەبەسـت لێـی ئیمامـی مەهدییـە، دەرکەوتنـی کەسـایەتیی بـاڵای دینـی لـەو سـاتەوەختانەدا، ئەسـتێرەی ئـەو کەسـایەتییە درەوشاوەتر دەکات. ئەمـەش بۆ نەوەکانی دوای خۆشـی بەخێرگـەڕا.

### شۆڕشی بیست لە عێراق

میـرزای دووەم نـاوی محەمـەد تەقـی کـوڕی میـرزا محەمەد عەلـی شـیرازییە، لـە هاوەڵانـی میرزای یەکـەم موجەدیـدی شـیرازی بـوو، لـە شـیراز لـە دایکبـووە، هـەر لـە منداڵیدا پەیوەندیی بـە ئەڵقـەی دەرسـە شـەرعییەکان کـردووە، دواجـار پەیوەندیـی بـە دەرسـەکانی میـرزای یەکـەم لـە سامەڕا کـردووە، و بـەردەوام هاوەڵـی بـووە. لێـی دانەبـڕاوە تـا گشـت قۆناغەکانـی خوێندنـی حـەوزەی بڕیـوە، دوای مردنـی مامۆستاکەشـی بۆتـە شـوێنگرەوەی لـە ئیجتهـاد(١٣). لەسـەر ڕێـڕەوی مامۆسـتاکەی بـەردەوام بـووە، هەمـان شـێوازی تێکەڵاوبـوون بـە گـۆڕان و پێشـهاتە سیاسییەکان.

دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، سـەپاندنی ئینتدابـی بەریتانـی، چەنـدان جموجـۆڵ لـەو ناوچانـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئینتـداب دەرکەوتـن. وەک بەرەنگاربوونـەوە دژی هێزەکانـی بەریتانیـا. میـرزای دووەم لـە سـاڵی (١٩٢٠) فتـوای یەکەمـی دژی دەسـەڵاتی بەریتانییـەکان دا، بـە حەرامکردنـی کارکـردن لـە هـەر فەرمانگەیـەک بەرژەوەنـدی بەریتانیـای تێـدا بێـت. ئەمـەش بـووە هـۆی دەسنلەکارکێشـانەوەی زۆرێـک لـە فەرمانبەرانـی ئەوسـاکەی ئـەم فەرمانگانـە. پاشـان دوای چەنـدان کۆبوونـەوەی نهێنـی لەلایـەن پیاوانـی دینـی و عەشـایری و کەسـانی نیشـتیمانی، لـە هەمـان ساڵ میرزای دووەم فتـوای جیهـادی دژی بەریتانییـەکان دا(١٤). ئەمـەش بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی (١٩٢٠) لـە عێـراق، دواجـار هەمـان سـاڵ میـرزای دووەم، ژەهرخـوارد کـرا و مرد. ئەڵبـەت ئەمە زۆر ئاسایی پەنجـەی تۆمـەت بۆ بەریتانییـەکان و دۆسـتە عێراقییەکانیان درێـژ دەکرێـت.

### تۆکمەبوونی مەڕجەعی

مەهـدی کـوڕی حەبیبوڵـڵا شـیرازی نـەوەی میـرزای یەکـەم، لـە کەربـەلا لەدایکبـووە هەر لەوێش سـاڵی(١٩٦١) مـردووە. لـە سـەردەمی ئـەودا، بـەرەی شـیرازی پتـر و فراوانتـر بـوون، وەک مەدرسـەیەکی سـەربەخۆ لەنـاو مەڕجەعییەتـی شـیعی. بـە حوکمـی ئـەوەی چـوار کـوڕی هەبـوون، جگـە لـەوەی دوو کوڕیشـی بـە منداڵـی مـردوون، هـەر چواریان پلـەی باڵای حەوزەیان بڕیـوە هـەر لـە تەمەنـی خـۆی(١٥)، خاوەنـی دەیان سـەرچاوە و کتێبـی زانسـتەکانی شـەریعەتە. لـەو سـەردەمەدا، ئـەم ڕەوتـە بوونـە خـاوەن دەیان دامـەزراوە و حسـێنییە لـە وڵاتانـی ئیسـلامی و نائیسـلامی.

### ململانێی خومەینی و شیرازی

تۆکمەتـر بوونی شـوێنپێی شیرازییەکان لـە مەڕجەعییەت، لـە مەڕجەعێکـی تـازەدا خـۆی گـرت، ئەویـش محەمـەد کـوڕی مەهـدی حسـێنی شـیرازی (١٩٢٨–٢٠٠١) بوو، کوڕی مەڕجەعـی پێشـووی شـیرازییەکان. ناوبـراو تـەواو بـاڵا دەرکـەوت، تەنانـەت لەلایـەن هەندێـک لـە هەوادارانـی بـە موجەدیـدی دووەمـی شـیرازی سـوڵتانی دانـەران ناسـراوە(١٦). لـە سـەرەتای شۆڕشـی گەلانـی ئێـران دژ بـە حوکمـی شـا، زۆربـەی خەڵـک پشـتگیری شـۆڕش بـوون، لەنـاو ئەوانیـش مەڕجەعـە بـاڵاکان(١٧). بـەڵام دوای سـەرکەوتنی دۆخەکـە لـە بەرژەوەنـدی خومەینـی، خەونـە گەورەکـەی شـیرازی ڕووی لـە پووکانـەوە کـرد، تـا ئـەوەی هـەر ئیمام جومعـەی بۆ مایـەوە.

گەرچـی مەڕجەعـی شـیرازی گەورەتریـن پشـتیوانی خومەینـی بـوو لـە کۆتایـی شەسـتەکان بـە دواوە، وەک نوێنـەری نوێکـەرەوەی ئاراسـتەی شۆڕشـگێڕی بـوون لـە بەرامبـەر ئاراسـتە کلاسـیکییەکەی حـەوزەی نەجـەف(١٨). لـەوەش زیاتـر جێـی تێبینـی، لـە سـەرەتادا خومەینـی تەنیـا بیـری لـەوە دەکـردەوە، زانایانـی حـەوزە بخرێنـە نـاو دامەزراوەکانـی دەوڵـەت، گەرچـی لەژێـر سـایەی حوکمـی شـای ئێرانیـش بێـت، بـەڵام شـیرازی بیرۆکـەی دامەزراندنـی تیـۆری ویلایەتـی فەیقهـی لـەلا گەڵاڵـە بـوو(١٩). بـەڵام دۆخەکـە پێچەوانـە بـۆوە، خومەینـی

توانی ئەم دەسەڵاتە بگرێتە دەست. شیرازی و بەرەکەی هیچیان بۆ نەمایەوە. تا وای لێ هات کەسانێکی باڵای حەوزەی قوم تووشی لێپێچینەوە بوون و ڕاپێچی دادگا کران، بە تۆمەتی پلاندان بۆ کودەتا بەسەر خومەینی لە ساڵی (١٩٨٢) لەوانەیش سادق قوتبزادە و ئایەتوڵڵا محەمەد کازم شەریعەتمەداری کە باڵاترین مەرجەعەکانی ئەوساکەی قوم بوو، هەرچەند ئەوانە لەسێدارە نەدران، بەڵام شکۆی ئەو بەرەی شکاند، دوای سەپاندنی تۆمەتەکە، شەریعەتمەداری خرایە ژێر نیشتەجێبوونی زۆرەملێ و دابڕانی لە حەوزە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن مێزەری مەرجەعی لەسەری هێنرایە خوارەوە و بەسەری کۆتەوە داوای بووردن و بەخشینی لە خومەینی کرد، ئەم دیمەنە شیرازی داڕووخاند، بۆیە بڕیاری گۆشەگیری دا لە ماڵەکەی خۆی، ئەم کاردانەوەیە نەرێنێکی باوی مەرجەعەکانە بۆ دەربڕینی تووڕەیی و ڕەخنە و بەرەنگارییان، لەگەڵ ئەوەی هەندێک ئەمەیان بە نیشتەجێی زۆرەملێ دانا(٢٠). بەمەش شیرازی لە تیۆریستی ویلایەتی فەقیهەوە گۆڕا بۆ دوژمنە سەرسەختەکەی هەمان تیۆری خۆی. بە واتا کەوتە داوی ئەو تیۆرەی خۆی دانەری بوو، تیۆرەکە بووە بەڵا بۆ خۆی و هەوادارانی. بەمەش ئەم ڕەوتە سەرەڕای ئەو هەموو لایەنگر و دامەزراوانەی هەیان بوو، نە لە عێراقی سەردەمی سەدام حسێن شوێنیان بووەوە، نە لە ئێرانیش بوونە ئەو دەسەڵاندارە ڕەهایەی بناغەیان بۆی دانابوو.

**لە وڵاتانی تری ئیسلامی**

ئەو ڕەوتە لە سەرەتای خۆکۆکردنەوەیان جێی مشتومڕی تەنانەت ناو مەرجەعییەت بوون، نەک ئەوەی تەنیا ڕژێمی بەعس دژایەتییان بکات، یاخود ڕژێمی ئێران، تەنانەت مەرجەعبوونیشیان خاڵی نەبوو لە کێشمەکێشمی ناو ماڵی شیعی. بەڵکو هەندێ لە زانایانی ئەوساکەی نەجەف دانیان بەو مەرجەعییەتە نەنا، بگرە مەرجەعی باڵای ئەوساکە موحسن حەکیم هۆشیاری لەبارەیانەوە دا، تەنانەت ئاگاداری

شەقامی شیعی کردەوە لەو ئاراستە شیرازییەی ئەوسا کە ناسرابوو بە بزووتنەوەی (رسالیین) و بزووتنەوەی مەرجەعییەت، تەنانەت ئایەتوڵڵای خوئی جاڕی جەنگێکی فقهیی و سیاسی لە دژیان دا و ئەم ململانێیەی نێوانیان تا ئەمڕۆش بەردەوامە(٢١). بەر لەوەی لە ئێران جێگیر بێت، محەمەد شیرازی ماوەیەک لە کوێت مایەوە، ئەمەش بووە هۆی بوونی پەناگەیەک لەوێ بۆ هەندێکی شیرازییەکان. حەسەن شیرازی براشی چووە شام بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ڕەوتی شیرازی، ئەمەش بووە ململانێیەکی تری ناو ماڵی شیعی لەوێ لەگەڵ مەرجەعی باڵای لوبنانی مووسا سەدر(٢٢). بەڵام بەخت یاوەری هیچ کامیان

> ”
> **دەرکەوتنێکی بەرچاوی شیرازی و سەرکردایەتییە شیعییەکەی، بریتی بوو لە حەرامکردنی کێشانی توتن**
> “

نەبوو.

مووسا سەدر لە ساڵی (١٩٧٨) لە لیبیای سەردەمی قەزافی شوێن بزرکرا(٢٣). دواجار حەسەن شیرازی لە ساڵی (١٩٨٠) لە بەیرووت لەلایەن شانەیەکی چەکداری حزبی بەعسی عێراقییەوە تیرۆرکرا لە ڕێی چوونی بۆ پرسەی مەرجەعی باڵای دینی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدر و بنت هودای خوشکی کە ڕژێمی عێراقی

کوشتبوونی(٢٤). ئەمەش پتر بە شکستی شیرازییەکان بوو، چونکە هەریەکە لە حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل وەک میراتگری مووسا سەدر دەرکەوتن. لە سووریاش دەسەڵات لە دەست حزبی بەعس باڵی حافز ئەسەد بوو. ئەمەش هیچ زەمینەیەکی لەباری وای نەبوو بۆ هیچ خەونێکی سیاسیی ئەم ڕەوتە.

## ڕادیکاڵی و سرووتی مەزهەبی

ئەم ڕەوتە دوای بێهوودەیی لە تیۆری ویلایەتی فەقیهـ، بە تێپەڕینی کات، خۆی لەناو جموجۆڵێکی تردا دۆزیەوە، کە لە شەقامی شیعیدا بە سرووتاندنی مەزهەب ناسراوە، واتە چی بۆنە و مانەمەکانی ئەو مەزهەبە هەیە چەندان سرووت (طقوس)یان بۆ نمایش کرد، تەنانەت لەناو ماڵی خودی ئایەتوڵڵا سادق شیرازی مەرجەعی ئێستای ئەو ڕەوتە کە لە شاری قوم نیشتەجێیە(٢٥) ناوبراو دوای مردنی محەمەد حسێنی شیرازی برای بووە مەرجەعی باڵایان. ئەڵبەت مردنی عەلی برازای کارەکەی ئاسانتر کرد، گومانیش دەکرێ عەلی حسێنی شیرازی، بە دەستی ئێران کوژرا بێت(٢٦). بە هەر حاڵ جۆرێکی وا مومارەسەکردنی ئەم سرووتانە ڕەوتی شیرازی وەک مەزهەبێکی جیاوازی ناو ئەو مەزهەبە دەرخست، هەر لە لەخۆدان و تیخبازی، مەبەست لێی سنگ کوتانە بە ناو لەپ کە زۆرێکی شیعە دەیکەن، بەڵام لەخۆدان بە زنجیر و هەندێکیان سەری زنجیرەکان نووکە تیخی پێوەیە، بەڵام تیخبازی واتە خۆبریندارکردن بە شمشێر و قەمە، تا ئاستی خوێناوییبوونی جەستە. هەروەها سرووتێکی تر ڕۆیشتن لەسەر خەڵووزی گەشکراوە(٢٧). ئەم ئاراستەیە زۆر توند دەستی گرتووە بەم سرووتانە...

## شیعەگەری لەندەنی

دوای بڵاوبوونی ئەو بنەماڵەیە بۆ کوێت، قوم و شام، برایەکی تریان بە ناوی موجتەبا شیرازی ڕوودەکاتە لەندەن. هەرچەندە لە سەردەمی مەرجەعییەتی باوکی و هەردوو براکەی، هیچ ڕۆڵێکی باڵای نەبووە، بەڵام بە هۆی دژایەتیکردنی توندی تەواوی مەزهەبی سوننی بە سیمبوڵە دیارەکانییەوە وەک ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عائیشە، حەفسە و تا دەگاتە کەسایەتییەکانی ئەم سەردەمە، تەنانەت چەندان جوێنی زۆر سەیر و سەمەرە لە وانەکانی بەرامبەر ئەو کەسایەتییانە بەکاردێنێت، ئاسایی ناوی ئەندامی زاوزێی مرۆڤ لەو جوێنانە بەکاردێنێت. نەک هەر ئەوەندە کەوتە وێزەی تەواوی ئەو کەسایەتییە شیعانەشی کەوا نەرمونیانییەکیان بەرامبەر سوننەکان هەیە، وەک: خومەینی خامەنەئی، محەمەد حسێن فەزلوڵڵای مەرجەعی لبنان، حەسەن سەفار زانای شیعی سعوودی، موقتەدا سەدر و ... تاد(٢٨) لەلایەن نەیارانیانەوە ئەم ناوی شیعەگەری لەندەنی بەم ڕەوتە دەگوترێ.

## خادیمانی مەهدی

بەکاریگەری موجتەبای شیرازی، کەسایەتییەکی تری شیعی بە بنەچە کوێتی، بەناوی یاسر حەبیب لە لەندەن، ئاراستەیەکی توندڕەو و توندوتیژی دروستکرد بەرامبەر هەموو ئەو ڕەمزانەی سوننەمەزهەب و تەنانەت ئەو شیعانەشی بەرامبەری ناکۆکن(٢٩). خاوەنی کەناڵێکن بە ناوی فدک، نووسینگەیان بە ڕەسمی و ناڕەسمی لە چەندان شاری شیعەنشینی وڵاتانی جیاجیا هەیە. هەرچەند زۆرجار چالاکییەکانیان لە وڵاتانی ئیسلامی ڕادەگیرێت و سزا دەدرێن، بەڵام لە لەندەن بە ئازادی کار و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن. لە چالاکییەکی پێشبینی نەکراوی ئەم ڕەوتە دەستگرتن بوو بەسەر باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن(٣٠) و هەڵکردنی ئاڵاکەیان بوو لەسەر باڵاخانەی ئەم باڵوێزخانەیە.

## دامەزراوەکانی شیرازی:

ماوەتەوە کارکردنی ئەم ڕەوتەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دینی و فیقهییەوە کە لە وڵاتانی ئیسلامی چەندان کەناڵی سەتەلایت و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دینییان هەن، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن

وەکیلانی مەرجەعییەتی شیرازییەوە سەرپەرشتی دەکرێن. بەشداری چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆنە دینییەکان، هەروەها دامەزراوەی کتێب و دەیان دامەزراوەی چاپی کتێبیان هەیە پتر بایەخ بە کەلەپووری چاپی ناودارانی ئەم ڕەوتە دەدەن. بە پێی ئاماژەی ڕەسمی خۆیان لە (١١) وڵاتی ئیسلامی و نائیسلامی بە فەرمیی کاردەکەن، ئەمانیش: عێراق، ئێران، سووریا، لوبنان، کوێت، ئیمارات، بەحرین، ئەفغانستان، ئەمریکا، کەنەدا و ئوسترالیا(٣١). ئەمە جگە چەندان دامەزراوەی تری نارەسمی و ڕێگریان لێرە و لەوێ. لەگەڵ ئەمەش ئەم ڕەوتە خاوەنی چەندان کەناڵی ئاسمانییە، لەوانیش: یەکەم کەناڵی سەر بە شیرازییەکان کەناڵی ئەنوار (الأنوار) بوو، دوای بە دوای ئەمە چەندین کەناڵی تری بە دوادا هات ئێستا ژمارەیان (٢٢) کەناڵە: کەناڵەکانی کە پەخشیان بە زمانی عەرەبییە برێتین لە: المرجعية، الأنوار، الأنوار٢، الإمام الحسين، المهدي، الحوزة العلمية، الشعائر، العباس، فورتين، العقيلة، الإمام الحسن. کەناڵە زمان فارسییەکانیشیان: المرجعية، الإمام الحسين، امام العصر، الحوزة العلمية، بيت العباس، ابو الفضل العباس، القائم، الإمام الصادق، السلام، الغدير. جگە لەمانەش دوو کەناڵی تریان بە زمانی ئینگلیزی پەخش دەکرێن ئەمانیش: المرجعية و الامام الحسين. کۆی ئەم کەناڵانەش وانە و بەرنامەی مەرجەعە شیرازییەکان و زانا حەوزوییەکانی سەر بەئەوان پەخش دەکەن، هاوکات کۆڕە ماتەمبارییەکان و شیوەن و لەخۆدان و بۆنەکانی تایبەت بە مەزهەب پەخش دەکەن(٣٢). ئەڵبەت ئەمە جگە لە دامەزراوەکانی سەر بە یاسر حەبیب و موجتەبا شیرازی لە لەندەن چونکە لە سایتی ڕەسمیی شیرازییەکان دانەنراون.

## ئەنجام

بنەماڵەی شیرازی جگە لەوەی سەیدبوونیان جێی مشتومڕە، بەڵام بە سەرەتایەکی بەهێزەوە هاتنە گۆڕەپانی سیاسی و دینی مەرجەعی، بەڵام هاتنە سەر حوکمی بەعس لە عێراق و سووریا، خومەینی لە کۆماری ئیسلامی لە ئێران، لە ڕووی سیاسییەوە ئەو ڕەوتەی پووکاندەوە.

خەونی ویلایەتی فەقیهی شیرازی، ویستێکی باڵای ئەو بنەماڵەیە بوو، بۆ درێژەدان بە پێشینانی خۆیان میرزای یەکەمی شیرازی خاوەنی فتوا و شۆڕشی تووتن، میرزای دووەمی گەورە موفتی شۆڕشی (١٩٢٠) لە عێراق. بەڵام ئەم خەونە بووە چانسی ئایەتوڵڵا خومەینی و وەک ئیمامێک دەرکەوت و بەرەکە لەبن پێی مەرجەعی شیرازی دەرچوو. هەوادارێکی زۆری بەرچاویان هەیە لە وڵاتانی ئێران، عێراق، کوێت و وڵاتانی تری ئیسلامی. توندڕەوییەکی لە ڕادەبەریان هەیە لە بەرزڕاگرتنی مەرجەعەکانیان و پابەندیی بە دەقەکانی مەزهەب. دەتوانین بە سەلەفییەتی شیعە ناوببرێن. لەناو شەقامی شیعیدا، بە ڕەوتێکی سرووت (طقوس)ی سەیر و سەمەرە ناسراون، پتر لە بۆنەکانی وەک عاشوورا و چلە (اربعينية) و بۆنەکانی تردا دەرکەوتنەیان هەیە. لە وڵاتی ئێران، سەرەڕای باڵادەستی شیعە، تەواو لە قاڵبدراون لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی دینی و سرووتییەوە، لە ئاستێکی بەرتەنگ پیادەی دەکەن. لە کوێت هیچ جموجۆڵێکی سیاسییان نییە، پتر مەراسیمەکانیان لەناو حسێنییەکاندایە. لە عێراقیش بەهۆی نالەباری دۆخی سیاسییەوە، بە ئاشکرا بە بەراورد بە مەرجەعییەتی سیستانی و حەکیم و ئەوانی تر دەرکەوتەی سیاسییان کەمترە، دەرکەوتنەیان پتر لە حسێنییەکان و کەناڵەکان و بۆنە دینییەکانی ئەو مەزهەبەیە، ئەوانەشی لەژێر کاریگەری یاسر حەبیب و موجتەبا شیرازین ناوبەناو دەرکەوتیان هەیە، هەندێ جاریش قەدەغە دەکرێن. لە ئەورووپاش پتر وەک نەوەیەکی بزێو و لەدەستدەرچوو وان، کەوا هەندێ جار مەرجەعە باڵاکانیان لە قوم و نەجەف تووشی شەرمەزاری دەکەن.


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

## سەرچاوە و پەراوێز:


(١) الطوسي، ابو جعفر محمد الحسن (١٩٩١)، كتاب الغيبة، مؤسسة المعارف الإسلامية، قم-ايران، ص٣٦٠

(٢) الابراهيم، علي عزيز (١٩٩٢) العلويون والتشيع، الدار الاسلامية، بيروت لبنان، ص٩٣.

(٣) البهادلي، علي احمد(١٩٨٠) الحوزة العلمية في النجف معالمها وحركتها الإصلاحية، دار الزهراء للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان - بيروت، ص ٩٤.

(٤) المظفر، الشيخ محمد رضا (١٩٥٠) اصول الفقه، ج٢، مركز انتشارات دفتر تبليغات اسلامي حوزه علميه قم، ط:٤، ص١١٢.

(٥) العراقي، آقا ضياء الدين (١٩٤٢) نهاية الافكار المؤلف، ج:٤ منشورات جماعة المدرسين في الحوزة العلمية، قم المقدسة، ص٢٣٩.

(٦) الأعرجي، السيد زهير(٢٠٠٥) تاريخ علم الأصول و تطور الأفكار الأصولية، مجلة: تراثنا، مشهد مؤسسة آل البيت(ع) لإحياء التراث، السنة الواحد والعشرون، رجب - ذوالحجة، ص٣و٤.

(٧) السبحاني، الشيخ جعفر(١٩٩٤) كليات في علم الرجال، مؤسسة النشر الاسلامي التابعة لجماعة المدرسين بقم المشرفة، ايران، ص٣٥.

(٨) المطلبي، ابو الحسن، نجوم الأمة، مجلة نور العلم، جامعة مدرسين حوزة علمية قم. شهر بهمن ١٣٧٠ ش، ص١٣ و٧١.

(٩) النابلسي، ابو صالح الموسوي الحسيني (بدون تاريخ)، بطلان النسب العلوي المزعوم لأسرة الشيرازي، موقع تنزيه النسب العلوي من الدخلاء، العصبة الهاشمية،

http://tanzeehalawi.blogspot.com/٢٠١٧/٠٩/blog-post_٣.html

(١٠) الوردي، الدكتور علي(٢٠٠٥) لمحات من تاريخ العراق الحديث، ط:٢، دار الراشد، بيروت لبنان، ص١٠٠-١٠٢.

(١١) الكربلائي، الشيخ حسن (بدون سنة الطبع)، تاريخ دخانية، تحقيق رسول جعفريان، انتشارات مركز اسناد انقلاب اسلامي، تهران، ص١٧٢-١٧١.

(١٢) نوري، الميرزا حسين(١٩٩٤)، النجم الثاقب، ج:١، تحقيق وترجمة: السيد ياسين الموسوي، مؤسسة انوار الهدى، قم ، ص٢٨.

(١٣) الطهراني، آغا بزرك(١٩٨٤)، طبقات اعلام الشيعة، تحقيق: عبدالعزيز الطباطبائي، ط:٢، دار المرتضى، مشهد، ص٢٦١-٢٦٢.

(١٤) الجبوري، كامل سلمان(٢٠٠٩)، وثائق الثورة العراقية الكبرى، ج:٣، دار المؤرخ العربي، بيروت-لبنان، ص٦٩.

(١٥) الأمين، السيد محسن (بدون سنة الطبع)، اعيان الشيعة، ج:١٠، دار التعارف للمطبوعات، بيروت - لبنان، ص١٤٦.

(١٦) المؤسسة العالمية لإحياء تراث الإمام الشيرازي (٢٠٠٣) في رحاب الإمام الشيرازي؛ القائد الاسوة، دار صادق للطباعة والنشر كربلاء المقدسة ـ العراق، ص٥٦.

(١٧) العقالي، الشيماء الدمرداش(٢٠١١) نظرية ولاية الفقيه وتطبيقاتها في جمهورية ايران الإسلامية، مركز الحضارة للتنمية الفكر الاسلامي، سلسلة الفكر الايراني المعاصر، بيروت، ص١١٩.

(١٨) الابراهيم، بدر & الصادق محمد (٢٠١٣) الحراك الشيعي في السعودية: تسييس المذهب ومذهبة السياسة، ط:١، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ص٨٤.

(١٩) العقالي، الشيماء الدمرداش(٢٠١١) المصدر السابق، ص١١٩.

(٢٠) الشنقيطي، محمد بن المختار الشنقيطي: اثر الحروب الصليبية على العلاقات السنية الشيعية، ص ١٣٩.

(٢١) الابراهيم، بدر & الصادق محمد (٢٠١٣) المصدر السابق، ص٨١.

(٢٢) اسماعيل، الشيخ حسين (٢٠١٦) ، الشيرازية وعداؤها للمرجعيات في العراق و ايران، موقع جنوبية، لبنان. https://cutt.us/hNJu٤

(٢٣) مركز الإمام موسى الصدر للأبحاث والدراسات (٢٠١٢)خلاصة قضية اخفاء الإمام واخويه في ليبيا،

موقع سماحة الامام السيد موسى الصدر، لبنان
http://imamsadr.net/Publication/publication_info.php?ID=٥٨

(٢٤) جاسم، حسن صباح (٢٠٠٧)في ذكرى استشهاده: آية الله السيد حسن الشيرازي اسوة وقدوة، شبكة النبا المعلوماتية، مؤسسة النبا للثقافة والإعلام، التابعة للمرجعية الشيرازية https://annabaa.org/munasbat/١٤٢٨hasansherazi/١٢/٠.htm

(٢٥) قناة فكر الحر(٢٠١٨)، موقع يوتيوب، في بيت المرجع الشيرازي تطبير،
https://www.youtube.com/watch?v=w٦-h_٨wQFK٩

(٢٦) الحبيب، ياسر (بدون تاريخ)، ما هي حقيقة اختطاف جنازة الإمام الراحل وقتل المقدس الشيرازي، موقع القطرة، موقع رؤى و محاضرات الشيخ ياسر الحبيب:
http://www.alqatrah.net/an١٨٠١ ≠

(٢٧) الموقع الشيرازي، الاستفتاءات، محرم الحرام:
http://www.alshirazi.net/istftaa/٣٠.htm

(٢٨) لە یوتیوب بنووسە مجتبى الشيرازي: دەیان لینکی ئەو گرتانەی ئەو کەسایەتییەت بۆ دەردەچێت

(٢٩) موقع (خدام المهدي)، الموقع الرسمي باشراف الشيخ ياسر الحبيب، لندن
http://www.k-almahdi.org

(٣٠) ارم نيوز (٢٠١٨) ايران تهدد بقطع علاقاتها الدبلوماسية مع بريطانيا، ارم نيوز موقع الكتروني مستقل، شركة ارم ميديا، كشركة خاصة محدودة المسؤولية في هيئة ابوظبي الإعلامية الحرة.
https://www.eremnews.com/news/world/١٢٣٨٨٩٣ ≠

(٣١) الشيرازي، السيد صادق الحسيني، المؤسسات التابعة، الموقع الرسمي لمكتب سماحة المرجع الديني آية الله العظمي، قم المقدسة:
https://arabic.shirazi.ir/showpage.php?Id=١٢٤

(٣٢) المصطفى، حسن (٢٠١٨) القنوات الدينية الشيرازية .. اختطاف الفضاء الشيعي، موقع العربية، الشبكة العربية، مركز تلفزيون الشرق الاوسط، دبي
https://www.alarabiya.net/ar/politics/٢٠١٨/٠٧/٠٤/

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS